# سەرۆكی هەرێم و سەرەك كۆماری كوردو پەرلەمان و هەرێمێكم
# بۆچیە گەر كارەبا و نەوت وبەنزین و نانم نەبێ


## ئیحسان مەلا فوئاد

ehsanhaji-82@hotmail.com


منێكی كورد سەرۆكی هەرێم و سەرەك كۆماری كوردو پەرلەمان و وەزارەت و هەرێمێكی كوردیم بۆچییە گەر نەوت و بەنزین و كارەبا و نان و زەرڕەیەك مافم نەبێ ، ئەی بوونی ئینتماو ولاتێكی بەناو فیدرالْ و كوردیم بۆچییە گەر بە دەستی چەند خێزان و بنەماڵەیەكەوە بێت و هەستیش بە لێپرسراوێتی نەكەن ، كوردستانێكم بۆچییە گەر پڕاوپڕ بێت لە مافیاو كوردخۆرو گورگی تێر نەبوو ، خاكێكی كوردان و باوباپیرانم بۆچییە گەر توزقاڵێك سوودی بۆ من نەبێ ،،، ئادەی ڕێزی كۆنە پێشمەرگەو خەباتەكەیان بۆ بگرم گەر ئەمرۆ هەموو ولاتیان بە پێست و خوێنەوە حەپەلووش داوەو بۆ ئێمەی ئەم جیلە زەرڕەیەك سوودیان نەبوو ، گەر ئەشلێن ئێمە ئەمرۆمان دروست كرد پێمان وانیە چونكە دروستكردنی ئەمرۆ ئەمری واقیع بوو نەك هی دەستی ئێوەی خاوەن ولات و دەسەلاتداری ئەمرۆو پێشمەرگەی دوێنێ ،،، ئاخر شەڕی كەركوك و كوردستانی بوونی بۆ بكەم گەر سبەینێ خوا نەكا بكەوێتە ژێر دەستی ئێوەی كەڵە دەسەلاتدارەكانی ئەمرۆ و كۆنە خەباتگێڕەكانی دوێنێ ،،، ولاتی دایكم بۆچییە گەر نەوێرم لە پانتاییەكەیدا دەنگ هەڵبڕم یەكسەر لوولەی چەكی ئاسایشم لێ توند دەكرێ و كونی گەرمی زیندانم لێ دەكرێ بە ماڵ و 2 ملیۆن دینار كەفالەتم بۆ دەكرێ بە مەرجەع ،، دەبا ئیتر بەس بێت بە خوداو بە چاوی ئێوە تاقەتی نووسینمان نەما ، پێنووسەكانی دەستیشمان بێزار بوون و دەلێن تاكەی فرمێسكی چاومان دەتكێنن و هیچ سوودێكیشی نییە ،،، كوردستانێكی بەرینم بۆچییە گەر دەسەلاتدارەكانی گوێ لە قیژەو هاوارەكانی ئەو ئافرەتانە نەگرێت كە ڕۆژانە گڕ لە خۆیان بەر دەدەن و دەبن بە خەڵووز ، گوێ لەو گەنجان نەگرێت كە سنوور نەما نەیبڕن و ولات نەما نەوای بۆ نەبەن ،،، ئادەی چی وەلامێكتان پێیە سەرۆك و ڕابەرو پادشاو گەورەو نوێنەرانی ئێمە ،،، وەلامەمان ئەوێ لێ بووینەوە دڵمان خاپوور بوو چاومان كوێرو زمانمان لال و گوێمان كەڕ بوو دەستمان شكا ئەوەندە ڕوومان كردە ئێوەو لێتان پاڕاینەوە ، دڵنیا بن ولاتتان بۆ جێ دەهێلین گەر بجووكترین مەجال و بوار برەخسێت و نوزە دەرفەتێكمان هەبێت ،،، توخوا با بەس بێت بیكەن بۆ خاتری خۆتان و خوای بێ دەنگ چركە ئاورێكمان لێ بدەنەوە .. تاكەی ئەلێن ساواین و ئاسەواری ڕژێمی پێشوو بە سەرمانەوەیە یان بودجە بەش ناكات یان هەر موبەرڕێكی بێ باوەڕكراومان بۆدەهێننەوە، تاكەی وەزیرێك ئەندام پەرلەمانێك(چایخانەیەك) مەعاشەكەی بە قەدەر 40 فەرمانبەر بێت ، تكایە كەمەكێك بە خۆتانا بچنەوە ، بڕوا بكەن گەر ئێوە بێن لای ئێمەی میللەتەوە تەماشای خۆتان بكەن ئنجا ئەزانن چەندە گەورەو بەڕێزو موقەدەسن ،..

**تا پاڕانەوەیەكی تر مەسئوولایەتیتان خۆش !**